NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

راپۆرتێک لەبارەی :

# نەشتەرگەریی پزیشکی
# لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت دا

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

2021-11-1

# پێشەکی:

پرسی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەنێوان کەرتی تایبەت»ئەهلی» و گشتی «حکومی» دا، یەکێکە لەو پرسانەی کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە لە مێژەوە باسی لەبارەوە دەکرێت، لەگەڵ برەوسەندنی کەرتی تایبەت لە سنوری گەرمیان، ئەم پرسە گەرمتر بوە، بەتایبەتی لە بواری نەشتەرگەریی دا.

لەگەرمیان دا ٤ نەخۆشخانەی حکومی (نەخۆشخانەی گشتی کەلار، نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری، نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون لە کەلار و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار) بونیان هەیە، لەگەڵ سێ نەخۆشخانەی تایبەت (شاری پزیشکی گەرمیان، نەخۆشخانەی لایفی تایبەت و نەخۆشخانەی کەلاری تایبەت).

زانیارییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە ژمارەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی پزیشکیی لە نەخۆشخانە تایبەتەکانی گەرمیان رو لە زیاد بونە، لەبەرامبەردا لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا پاشەکشەی کردوە، بەرپرسانی کەرتی تەندروستی لەمبارەیەوە پاساو و هۆکاری خۆیان دەخەنەرو و هاوڵاتیان و چالاکوانانیش رەخنەیان لەوە هەیە کە هاوڵاتیان ناچار دەکرێن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بچنە کەرتی تایبەت.

ئەم راپۆرتەی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، بە وردیی لەسەر ئەم پرسە وەستاوە و لەسەر زاری بەرپرسان و هاوڵاتیان و چاودێران و کەسانی ئاگادارەوە، هۆکار و دۆخەکەی رون کردوەتەوە.

# بەشی یەکەم: راپۆرت

## یەکەم: دۆخی نەشتەرگەری لە کەرتی تایبەت و گشتی

### ١. ناردنی نەخۆش لە کەرتی گشتیەوە بۆ تایبەت

#### ١-١. چالاکوانان: نەخۆش ناچار دەکرێت بچێتە نەخۆشخانەی ئەهلی

چالاکوانان باس لەوە دەکەن کە چەندین کەیس هەن لە کەرتی گشتی نەشتەرگەرییان بۆ نەکراوە و نێردراونەتە کەرتی تایبەت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چاودێری چڕنیە لەسەر کەرتی تەندروستی.

هەروەها محەمەد، چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کەلار، دەڵێت: «ئێمە چەند کەیسێک هاتونەتە لامان جگە لەوەی کە هاوڵاتیان خۆیان باسی ئەکەن، لە کاتێکدا حاڵەتی گەرمیان هەبوە و پێویست بو لە نەخۆشخانەی نەشتەرگەری بۆ بکەن، بەڵام نێردرابونەتە تایبەت، حاڵەتەکانیش لە دوان و سیان دەرچون».

وتیشی: سەردانی نەخۆشخانەمان کرد، سەرەتا نکۆڵیان لێکرد، دواتر پێیان وتین کە پزیشک کەمە و پێداویستی و شوێنیش یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکانیان کە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆریی رێژەی نەخۆش یەکێکی ترە لە کێشەکان کە لە هەمو ناوچەکانی گەرمیان سەردان دەکەن بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە.

هەودا باسی لەوەشکرد: هەر سەبارەت بەو پرسە سەردانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانیان کردوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، داواشمان کردوە نەشتەرگەری نیمچەتایبەت بگەڕێتەوە نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب، بە جۆرێک لە ئەهلی ٥٠٠ هەزار بێت ئەوا لە نەخۆشخانە بە ٢٥٠ هەزار بیکەن، هاوکات بەڕێوبەری گشتی تەندروستی داوای کرد کە ژنان هۆشیاربکرێنەوە لەسەر ئەو پرسە.

هاوکات، کەریم مەدحەت، مامۆستای زانکۆ و چالاکی مەدەنی لە کەلار، باس لەوە دەکات: «راستە رێژەیەکی جیاوازی نەشتەرگەرییەکان لە کەرتی تایبەت و گشتی بونی هەیە ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە یەکێک لەوانە ئەو ئامێر و پێداویستیانەی کە لە کەرتی تایبەت هەن بە رێژەیەکی کەمتر لە کەرتی گشتی هەن».

وتیشی: لەلایەکی دیکە نەبونی چاودێری چڕ لەلایەن حکومەتەوە لەسەر چ کەرتی تایبەت و چ کەرتی گشتی یەکێکی ترە لەو خاڵانەی کە لە هەمو جیهاندا گرنگی پێدراوە کەچی لە کوردستان هەر بونی نیە، چونکە رێژەیەکی زۆر نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم هەمو نەشتەرگەرییە لە جێگەی خۆیەتی و پێویستیە کە ئەنجا دەدرێت؟ گرنگ نیە رێژەکە چەندە.

## ١-٢. پزیشکان: کەس ناچار ناکەین بچێتە ئەهلی

پزیشکان لە گەرمیان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە نەخۆشیان ناچارکردبێت لە کەرتی گشتیەوە ببرێت بۆ کەرتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری، باس لەوە دەکەن هاوڵاتیان لەسەر ویستی خۆیان ئەوە دەکەن.

ئیسرا نازم کەرەم، پزیشکی پسپۆری ژنان و منالبون لە کەلار، وتی: «شتی وانیە پزیشکەکان کەمتەرخەم بین، ئەمە زۆڵمە ئەکرێت لە ئێمەش و نەخۆشخانەکەش».

پزیشکێک هۆکاری ڕۆشتنی هاوڵاتیان بۆ کەرتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری دەبەستێتەوە بە زۆری پێداویستی و ئەو ئاسانکاریانەی کە بۆی دەکرێت لە کەرتی تایبەت.

ئاکۆ ئیبراهیم، پسپۆری نەشتەرگەری گشتی لە کەلار، دەڵێت: «ناچارکردنی نەخۆش و بردنە دەرەوەیان بۆ کەرتی تایبەت ئەوە دەبێت لە تاکە کەسێک پرسیار بکرێت و بەڵگەش بهێنێت، بەڵام ڕۆشتنی نەخۆش بۆ کەرتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان فرە فاکتەرە، بۆ نمونە شوێن و پێداویستی و ویستی خەڵک خۆیەتی».

وتیشی: ئاسانکارییەکان کەمن لە کەرتە گشتیەکان و هاوڵاتیانیش ئێستا زیاتر ڕۆشنبیرترن کە دەبینن لە نەخۆشخانەی گشتی زو بۆیان دەست نادات بە ویستی خۆیان دەڕۆنە کەرتی تایبەت.

«ئێمە نەخۆش ناچار بە دەرەوە ناکەین، تەنها ئەوەنەبێت هەندێک ئامێرهەن لە کەرتی حکومی کار ناکەن، ئەوەیشی لە کەرتی حکومی دا دەکرێت جیاوازی نیە لەگەڵ کەرتی تایبەت»، هەردی کەریم، پسپۆری نەشتەرگەری گشتی لە کەلار وای وت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: نەخۆش هەیە لە کەرتی حکومەت سەرەکەی دورە و ناکرێت سەرەی نەخۆشی دیکەی بدەیتێ و پێویستی پێیەتی و بە ویستی خۆی دەڕوات.

بەڕێوبەرانی نەخۆشخانە حکومیەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە نەخۆش بە ویستی خۆی دەڕواتە کەرتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی، باس لەوەش دەکەن تاوەکو ئێستا هیچ سکاڵایەکیان بۆ نەهاتوە کە پزیشکێک نەخۆشێکی ناچارکردبێت و لە دەرەوە نەشتەرگەری بۆ ئەنجام درابێت.

سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری، دەڵێت: «لەسەر بردنە دەرەوەی نەخۆش و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆی لە ئەهلی، تاوەکو ئێستا سکاڵایەک نەهاتوەتە لامان بۆ ئەوەی بەدواداچون بکەین، ئەوەی هەیە تەنها گلەییە».

«شتێک نیە بەناوی کەمتەرخەمی پزیشکەوە لە نەخۆشخانە، بەتایبەت لە ڕوی نەشتەرگەرییەوە، هەر هاوڵاتیەکیش بە تایبەت نەشتەرگەری ئەنجام ئەدات ئەوە لەسەر ویستی خۆیەتی نەک پزیشک»، حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار وای وت.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش هاوڕای بەڕێوبەری دو نەخۆشخانەکەیە و دەڵێت: هیچ کارمەند و پزیشکێکی خۆم بە کەمتەرخەم نازانم، چونکە ئەو کاتەی کە بۆیان دیاری کراوە کرای خۆیان دەکەن بە زیادیشەوە، باسی تاک و تەرا ناکەم بۆیە چەم بێچەقەڵ نابێت.

سیروان محەمەد، وتیشی: نەخۆشێک کە دەڕواتە دەرەوە نەشتەرگەری دەکات لەسەر ویستی خۆیەتی دواتر دەمی وا فێربوە بڵێن لە نەخۆشخانەی حکومی بۆیان نەکردوم، ئەگەرنا ئێمە نەشتەرگەری خۆمانمان هەر کردوە.

## ٢. ڕێژەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان

### ١-٢. لەکەرتی گشتی

ژمارەی نەشتەرگەریی لە کەرتی گشتی «حکومی» لەگەرمیان، لەم خشتەیەی خوارەوە ڕون کراوەتەوە.

| نەخۆشخانەکان | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
|---|---|---|---|---|---|
| نەخۆشخانەی گشتی کەلار | 4504 | 4322 | 4528 | 857 | 1749 |
| نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب | 2517 | 2023 | 2094 | 1375 | 1623 |
| نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار | — | — | — | 244 | 453 |
| نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی | 140 | 18 | 138 | 5 | 154 |

## ٢-٢. لە کەرتی تایبەت

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەست یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کەوتوە، نەخۆشخانە تایبەتەکان لە سنوری گەرمیان ڕێژەیەکی زۆری نەشتەرگەری ئەنجام دەدەن بە جۆرێک بۆ هەر مانگێک بە لای کەمەوە لە سەروی ٢٠٠ نەشتەرگەرییەوەیە و نەخۆشخانەی ئەوتۆش هەیە ژمارەکە لەلای سەروی ٤٠٠ نەشتەرگەرییە .

لە نەخۆشخانەی لایفی تایبەت، مانگانە ١٥٠ بۆ ٢٠٠ نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت. ڕێژەکە لە شاری پزیشکی گەرمیان زیاترە، بەشێوەیەک لەنێوان ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ نەشتەرگەریی دایە . لە نەخۆشخانەی کەلاریی تایبەتیش بەهەمانشێوە، مانگانە لەنێوان ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ نەشتەرگەریی ئەنجام دەدرێت.

هۆکاری نەبونی ئامارێکی وردیش لەمبارەیەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچکام لەو نەخۆشخانانە ئامادە نەبون ئاماری نەشتەرگەریەکان بخەنەڕو.

هاوکات بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئاماژەی بەوەکرد کە مانگانە ئاماری نەشتەرگەریی و خزمەتگوزاریی نەخۆشخانە تایبەتەکانیان بەدەستدەگات، بەڵام بەوپاساوەی کە تایبەتن بە ناوخۆی خۆیان، هیچ ئامارێکی نەخستەڕو.

## ٢-٣. گومان لە جیاوازی ژمارەی نەشتەرگەری لە کەرتی تایبەت و گشت

ڕێژەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان لەلایەن پزیشکانەوە لە کەرتی تایبەت نادرکێنرێت، هۆکاری ئەمەش ڕون نیە بۆچی، ئەمەش گومانی زیاتر دروست دەکات.

«با ئەوە ڕون بێت لە کەرتی تایبەت نەشتەرگەری ئەنجام دەدەم، بەڵام لە هەفتەیەکدا ١ بۆ ٣ نەشتەرگەری بە تێکرای مانگەکە ٧ بۆ ٨ نەشتەرگەری ئەکات، زۆربەی لە کەرتی حکومەت ئەنجامی ئەدەم»، ئەمە وتەی هەردی کەریم، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتیە لە کەلار.

ڕزگار نەجمەدین، پسپۆڕی نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی چاو لە کەلار، دەڵێت: «لە ڕوی ڕێژەی نەشتەرگەرییەکان جیاوازە، بەڵام پێویست ناکا ئاماژە بە ڕێژەی نەشتەرگەرییەکان بکەم لە تایبەتەکان، هەر نەشتەرگەریەکیش کە دەکرێت لە تایبەت هاوڵاتیان لەسەر ویستی خۆیانە».

لە هەمان کاتدا، شکار نزار، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی قوڕگ و لوت و گوێ وتی: «لە کەرتی تایبەت تۆرینگەم هەیە و نەشتەرگەریش ئەنجام دەدەم ئەویش بەپێی کات و مانگ کەوتوە، جاری وا هەیە لە یەک مانگدا ١ نەشتەرگەریم هەیە جاری واش هەیە ٧ دانەم هەیە».

## ٣. نرخی نەشتەرگەرییەکان

بەشێکی زۆری هاوڵاتیان ڕەخنە ئاراستەی پزیشکەکان دەکەن کە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان نەشتەرگەری ئەنجام دەدەن و باس لەوە دەکەن بڕێکی زۆر پارەیان لێوەرگیراوە بۆ هەر نەشتەرگەرییەک.

گوڵزار ئەحمەد، هاوڵاتی لە شاری کەلار، باس لەوە دەکات: دو منداڵم نەشتەرگەریيان بۆ کراوە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان (لایف و شاری پزیشکی)، بۆ یەکێکیان بە ٣٠٠ هەزار و ئەوی تریان بە ٤٠٠ هەزار، ئەمەش نرخێکی زۆرە بۆ کەسێکی وەک من کە خۆم نان دروست ئەکەم بۆماڵان، لە کاتێکدا دەیان توانی لە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆم بکەن.

وتیشی: نەشتەرگەریەکانیش ئاسان بون دەیان توانی لە حکومی بیکەن، چونکە دانەیەکیان ریخۆڵەکوێرە بو دانەیەکیشیان ناسوری پشت بو.

«کە ئازاری مناڵ بونم بۆهات ڕاستەوخۆ سەردانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبم کرد، کە گەشتمە ئەوێ دەسی دەسیم پێ کرا، دکتۆر نەهات بەلاما وەک پێویست، تەنها ئەوەی وت کە ئازاری زیاتر بو بانگم بکەن». سارا محەمەد، دانیشتوی ناحیەی رزگاری وای وت.

وتیشی: دواتر کە ماوەیەک لەوێ مامەوە وتیان بیبەنەوە ماڵەوە کە ئازارەکەی زۆر بو بیهێننەوە، منیش ڕۆشتمەوە، بەڵام لەماڵەوە خەریک بو خۆمیش و منداڵەکەشم بمرێت، ئەوەبو دیسان هاتینەوە ئەوێ کە چوینە ئەوێ وتیان بیبەنە نەخۆشخانەی ئەهلی بۆ نەشتەرگەری.

باسی لەوەشکرد: منداڵەکەم بە سروشتی بو، تەنها دو تەقەڵم هەبو لە خوارەوە و بەس، کەچی بۆ ئەوە ٥٠٠ هەزارم لێ وەرگیرا.

بەڕێوبەرانی نەخۆشخانە تایبەتەکان باس لەوە دەکەن کە نرخی نەشتەرگەرییەکان خۆیان دیاریی ناکەن، بەڵکو بۆیان دیاریی کراوە.

فەرهاد تاهر باجەڵان، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی لایفی تایبەت لەکەلار، وتی: «نرخی نەشتەرگەرییەکان وەزارەتی تەندروستی دایناوە بە لیستێک کە بۆمان هاتوە بەپێی جۆری نەشتەرگەرییەکان».

هاوکات بەڕێوبەری شاری پزیشکی گەرمیان، پێیوایە کە نرخی نەشتەرگەریەکانی سنورەکە لە ناوچەکانی دیکە کەمترن.

ئەکرەم مەحمود، وتی: نرخی ئەو نەشتەرگەریانە کە وەردەگیرێن وەزارەتی تەندروستی پێشتر دیاری کردوە، لە چاو هەمو ناوچەکانی تری کوردستانیش کەمترە.

سارا محەمەد، دانیشتوی ناحیەی ڕزگاری، باسی لەوە کرد: «بۆ ماوەی دو کاتژمێر لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت مامەوە ٧٥ هەزاریان لێ وەرگرتم وتیان لەبەرامبەر خزمەتگوزارییە، ئەمە بۆ کەسێک داهاتێکی نەبێت چی بکات ئیتر نەخۆشخانەی حکومی بۆچی هەیە دایبخەن باشتر نیە.

لەبەرامبەردا، فەرهاد تاهر باجەڵان، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی لایفی تایبەت لە کەلار، وتی: «پارەی خزمەتگوزارییەکان کە وەردەگیرێت بۆ زۆر و پێداویستیەکانی تایبەت بە نەشتەرگەرییە کە لە هەمو شوێنێک بەو شێوەیەیە«.

هاوکات، ئەکرەم مەحمود، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شاری پزیشکی گەرمیانی تایبەت لە کەلار باسی لەوە کرد: «نرخی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە هەن وەزارەتی تەندروستی پێشتر دیاری کردوە، بەڵام ئەم نرخەی کە لە گەرمیان و بەگشتی هەیە لەو نرخانە کەمترە کە وەزارەت دیاری کردوە لە چاو هەمو ناوچەکانی تری کوردستان».

## ٤. زۆربەی نەشتەرگەریەکان لە تایبەت دەکرێن و لە گشتی ناکرێن

وەک هاوڵاتیان باسی لێوەدەکەن، بەشێکی نەشتەرگەریەکان لە نەخۆشخانەی حکومی بۆیان ئەنجام نادرێت، یان دەخرێنە نۆرەوە، بەپێچەوانەوە لە نەخۆشخانەی تایبەت بۆیان دەکرێت بە کاتێکی کەم.

بەوتەی سامان سەرتیپ، لە نەخۆشخانەی کفری، چەند نەشتەرگەرییەکی سنووردار دەکرێت، لەوانە: (مایەسیری، قورگ و گوێ، شکاوی، زراو، فتق).

پزیشکێکیش باس لەوەدەکات، کەرتی تایبەت لەروی ئامێر و کەرەستەوە پێشکەوتو ترە، بۆیە زۆربەی نەشتەرگەرییەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت.

رزگار نەجمەدین، پسپۆڕی نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی چاو لە کەلار، دەڵێت: کۆمەڵێک نەشتەرگەری بچوک و مامناوەند ئەنجام ئەدرێت وەک نەشتەرگەری خێلە چاو و لابردنی کیسی چەوری و یاخود کردنەوەی بۆری فرمێسک و لابردنی زیادە گۆشت و کیسی پێڵوی چاو، بەڵام نەشتەرگەری گەورەتر ناتوانین بیکەین، هەندێکجاریش نەشتەرگەری ئاوی سپی ئەکەین ئەویش بە تەقەڵ، چونکە ئامێری بێتەقەڵمان نیە، ئەو رۆژانەشی کە لە نەخۆشخانە نەشتەرگەری ئەنجام ئەدەم ٥ بۆ ٧ حاڵەت دەکەم.

ئیسرا نازم کەرەم، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبون لە کەلار وتی: ئێمە ٢ جۆر نەشتەرگەریمان هەیە: سارد و گەرم بۆ منداڵبون، جگە لە نەشتەرگەرییەکانی تری تایبەت بە ژنان، نەشتەرگەرییەکانی بەپێی رۆژەکان و ئەو خشتەی بۆمان دانراوە دەگۆڕێت.



## ٥. ژمارەی نەشتەرگەرییەکان بەپێی پزیشک کەوتوە

بەپێی ئەو بەدواداچونانەی یەکەمەمان کردویەتی، ژمارەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لە کەرتی حکومی دا لەنێو پزیشکان دا جیاوازە، هیچ ئالیەتێکی رونیش نیە بۆ رێکخستنی ئەم بوار و کەرتە، بەشێوەیەک پزیشک هەیە مانگی کەمتر لە ٥ نەشتەرگەریی دەکات، هەشە لە یەک هەفتەدا لەو رێژەیە زۆرتر دەکات.

بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەوەیە، کە هەمان ئەو پزیشکەی کە لە کەرتی گشتی دا لە مانگێکدا کەمتر لە ٥ نەشتەرگەریی دەکات، لە کەرتی تایبەت دا بەپێچەوانەوە سێ یان چوار قاتی ئەوە نەشتەرگەریی دەکات.

پزیشکێک باس لەوە دەکات لە نەخۆشخانە حکومیەکان ٢ رۆژ نەشتەرگەری بۆ نەخۆش دەکات بە جۆرێک بۆ هەر رۆژێک ٨ نەشتەرگەری ئەنجام دەدات.

ئاکۆ ئیبراهیم، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە کەلار دەڵێت: «لە هەفتەیەکدا ٢ رۆژ نەشتەرگەری ئەنجام ئەدەم رۆژێک لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار بەپێی خشتەیە، رۆژی ٧ بۆ ٨ نەشتەرگەری جۆراوجۆر ئەنجام دەدەم، رۆژی دوەمم کە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژارە ئەوەش بەپێی روداوەکان و رێژەکەی دیارنیە بەپێی حاڵەتەکانە کە دێتە لام و ئەنجامی ئەدەم».

«لە کفری رۆژێکم هەیە نەشتەرگەری ئەنجام دەدەم، هەر نەشتەرگەرییەک پێویست بێت ئەنجامی دەدەم ئەو رۆژەش بە لای کەمەوە ١٠ نەشتەرگەری جۆراوجۆر بۆ هاوڵاتیان دەکەم، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ٢ کاتژمێر کاتمان هەیە بۆ نەشتەرگەری و لە هەفتەیەکیدا تەنها ٢ رۆژ نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت»، هەردی کەریم، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە کەلار وا دەڵێت.

شکار نزار، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی قورگ و لوت و گوێ وتی: «لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار یەک رۆژ نەشتەرگەری ئەنجام دەدەم لەو رۆژەشدا بە پێی هەفتەکە دەکەوێت، بەڵام لەنێوان ٢ بۆ ٥ نەشتەرگەری دەکەم».

لەبارەی هۆکاری جیاوازی نێوان پزیشکان لە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی، حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار وتی: نەشتەرگەرییەک بۆ یەکێکی تر جیاوازە، نەشتەرگەری هەیە ٣ سەعاتی دەوێت، هەشە بەماوەیەکی کەم تەواو دەبێت.

وتیشي: میکانیزمی ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە نەخۆخشانەکەمان بەپێی خشتەیەکە کە ناوی پزیشکەکە و ناوی نەخۆشەکان و ناوی نەشتەرگەرییەکە و تەنانەت وردەکاری سڕکردن و شتی کەشی لەسەرە، بە جۆرێک واژۆی خۆم و پزیشکێک و بەڕێوبەری هۆڵە نەشتەرگەری و پزیشکێکی دیکەی لەسەرە کە ئەو پزیشکە ئەم رۆژە ئەوەندە نەشتەرگەری ئەنجام دەدات».

هاوکات، سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری، وتی: « لە نەخۆخشانەکەمان بەپێی خشتەیەکە کە ناوی پزیشکەکە و ناوی نەخۆشەکان و ناوی نەشتەرگەرییەکە و تەنانەت وردەکاری سڕکردن و شتی دیکەشی لەسەرە، ئەمەیە ئالیەتی ئەوەی بزانین پزیشک چەن نەشتەرگەری ئەنجام دەدات».

## ٦. نەبونی سیستەمی پاداشت و سزا

لە ناوەندە حکومیەکاندا، هیچ جیاوازیەک نییە و هیچ پۆلێنکارییەکیش نیە لەنێوان پزیشکەکان لە روی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەوە، هەروەک سیستەمی سزا و پاداشتیش جێبەجێ ناکرێت.

حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، جەختی لەمە کردەوە و وتی: هیچ سزایەک نیە بۆ پزیشکێک کە نەشتەرگەری کەم ئەنجام بدات یاخود نا، چونکە لە وەزارەتەوە هیچ رێنماییەک بۆ ئەوە نیە، بۆیە ئەکەوێتەوە سەر پزیشکەکە خۆی و پەیوەندی شەخسی لەگەڵ بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە.

سەبارەت بە پاداشت کردنی پزیشکەکان لەبەرامبەر ئەو رێژەی کە بۆیان دیاریکراوە و نەشتەرگەرییان ئەنجامداوە، بەڕێوبەری نەخۆشانەی گشتی کەلار وتی: تاوەکو ئێستا نەبوە پاداشتی هیچ پزیشکێک بکرێت بە سوپاس و پێزانینیش بێت، بەڵام لە بەرنامەمان دایە بۆیان بکەین وەک هاندانێک بۆ ئەوەی پزیشکەکانی دیکەش کە رێژەیەکی کەم نەشتەرگەری ئەنجام دەدەن چاوی لێبکەن.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لە کفریش، باس لەوەدەکات کە سزایان نەبوە، بەڵام پاداشتیان بوە «هیچ سزایەک نیە بۆ پزیشک بۆ ئەنجام نەدانی نەشتەرگەری، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاس و پێزانینمان هەبوە بۆ پزیشک لە بەرامبەر ئەو رێژە زۆرەی نەشتەرگەری کە ئەنجامی داوە».

## ٧. کێشەی نەشتەرگەری مناڵبون

بەشێکی هاوڵاتیان نیگەرانن لەوەی پزیشکان نەشتەرگەری لەدایکبونیان لە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ ئەنجام نادرێت، بەڵام لە نەخۆشخانە تایبەتەکان دا بۆیان ئەنجام دەدرێت.

(س.ا) کچێکە کە نەیویست ئاماژە بەناوی بکرێت، باسی لەوەکرد کە هاوڵێ خوشکەکەی بوە کە لە سەروبەندی مناڵبون بوە، ئەگەرچی ژانی زۆر بۆ هاتوە، بەڵام رازیی نەبون نەشتەرگەریی بۆ بکەن، کەچی کە لەو نەخۆشخانەیە دەرمان کرد و بردمانە نەخۆشخانەی تایبەت، بە پارە هەر بەو شەوە و هەمان ئەو پزیشکەی کە لە نەخۆشخانەی مناڵبون خەفەر بوە، نەشتەرگەریەکەی بۆ کردوە.

لەبەرامبەر ئەم حاڵەتەدا، بەرپرسانی نەخۆشخانە حکومیەکان باس لەوەدەکەن کە بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە ژنان و مناڵ بون دەبێت نەخۆش بە فلتەری مناڵبونی سروشتیدا تێبپەرێت.

گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبون، وتی: « بەپێی رێنمای وەزارەتی تەندروستی نەشتەرگەری ئەنجام دەدەین، چونکە دەڵێت بۆ هەر پزیشکێکی مناڵبون دەبێت نەخۆش بە فلتەری مناڵبونی سروشتی دا تێپەرێت، ئەگەر نەبو دواتر ئەبێت نەشتەرگەری بۆ بکەن، ئەمە جگە لە نەشتەرگەری رۆژانە کە بە پێی خشتە دەکرێت لەلایەن دکتۆرەکانەوە کە بە لیژنە بڕیاری لەسەر دەدەن، رێژەکەش رۆژانە دەگۆڕێت».

ئیسرا نازم کەرەم، پزیشکی پسپۆری ژنان و مناڵبون لە کەلار، وتی: ئێمە ٢ جۆر نەشتەرگەریمان هەیە، هەیە بە لیژنە پزیشکەکان بڕیاری لەسەر ئەدەین، هەشە حاڵەتی گەرمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێمە بەپێی داواکاری نەخۆش بڕۆین دەبێت هەموی بکەین بە نەشتەرگەری و ئەمەش بەپێی رێنمای وەزارەت نابێت.

## ٨. پرسی «شەریکایەتی» پزیشک و نەخۆشخانە تایبەتەکان

دەنگۆ و زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە پزیشکان و نەخۆشخانە تایبەتەکان رێکەوتنیان لەنێواندایە، بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکان.

بەپێی زانیارییەکانی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، نەخۆشخانەکان بۆ راکێشانی پزیشک، ئۆفەری جیاوازی قازانجی مادی دەخەنە بەردەست پزیشکان.

بەڵام بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکان باس لەوەدەکەن ئەمە رێککەوتن نیە، بەڵکو پێدانی هەقی نەشتەرگەریەکەیە بە پزیشکەکە.

فەرهاد تاهر باجەلان، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی لایفی تایبەت لە کەلار، وتی: «لە کەرتی تایبەت شتێک نیە بەناوی رێکەوتن لەگەڵ پزیشک، ئێمە پزیشکمان هەیە نۆرینگەی لای ئێمەیە، بەڵام لە نەخۆشخانەی کەلاری تایبەت یاخود شاری پزیشکی گەرمیان نەشتەرگەری ئەنجام دەدات».

سەبارەت بە بونی شەریکایەتی نەخۆشخانە تایبەتەکان لەگەڵ پزیشکەکان و ئەو برە پارەیەی کە وەردەگیرێت لەبەرامبەر نەشتەرگەرییەکان چەندی بۆ ئەو نەخۆشخانانە دەبێت، فەرهاد تاهر باجەلان، وتی: «ئەو نەشتەرگەرییانە کە ئەکرێت لێرە بەشێک لە پارەکەی بۆ ئێمە دێت».

لەسەر هەمان بابەت پرسیارمان ئاراستەی بەڕێوبەری شاری پزیشکی گەرمیان کرد، بەڵام وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە.

## ٩. بەکارهێنانی ئامێری نەخۆشخانە حکومیەکان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان

هەندێکجار کەرەستە پزیشکیەکانی نەخۆشخانە حکومیەکان، دەبرێنە نەخۆشخانە تایبەتەکان و بەکاردەهێنرێن، کە ئەمەش سەرپێچیی یاساییە.

لێکۆڵینەوەیەکی پۆلیس پەردەی لەسەر پرسی بەکارهێنانی کەرەستە حکومیەکان هەڵدا، کاتێک ساڵی پار بەرپرس و ژمارەیەک پەرستار و کارمەند و کارگوزار تۆمەتبار کران بە بردن یان کەمتەرخەمیی لە پاراستنی کەرەستە حکومیەکان و بەکارهێنانیان لە نەخۆشخانەی کەلاری تایبەت، کە سەروی ١٥ کەس لەو دۆسیەیە لە ستافی نەخۆشخانەی گشتی کەلار و نەخۆشخانەی کەلاری تایبەت راگیران و سەرەنجام ٤ کەسیان بە زیندانییکردن سزا دران.

## ١٠. وەلاتانی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت

پێش چەند ساڵێک، جۆرە نەشتەرگەرییەک لەناوەندە حکومییەکان ئەنجام دەدرا کە بە نیمچە تایبەت «سیمی پرایڤت» ناسراو بو، ئەویش بریتی بو لەوەی کە لە دوای نیوەڕۆوە، لە نەخۆشخانەی حکومیی نەشتەرگەریی بۆ نەخۆش دەکرا، بەڵام بە نیوە قیمەت. ئەم نەشتەرگەرییە ئێستا کاری پێناکرێت، لەبارەی هۆکاری وەستاندیشیەوە، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار وتی: هۆکاری نەمانی نەشتەرگەری نیمچە تایبەت لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار نازانم چیە و بۆچی نەماوە، بەڵام ئەمە دەبێت تەندروستی گەرمیان کاری لەسەر بکات و ئەو بەشە بکاتەوە و پزیشک ناچار بکات ئەوە بکات.

پێیشوایە ئێستا بەهۆی کەرتی تایبەتەوە، قورسە پزیشک پابەندی ئەم جۆرە نەشتەرگەرییە بێت.
بە هەمان شێوە، سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری وتی: «نەشتەرگەری نیمچە تایبەت لە کفری تاوەکو ساڵی ٢٠١٢ کراوە، زۆر ئاگا داری ئەوە نیم بۆ نەماوە، بەڵام ئەوەی کە باس کراوە و زانیاریم هەبێت هەندێک ڕێکاری نایاسایی هەبوە لە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان لە کەلار و بەوهۆیەوە کۆمەڵێک پزیشک و فەرمانبەر درابون بە دادگا، دوای ئەوە وردەکاری ئەو بابەتە نازانم».

## دوەم: هۆکارەکانی زۆری نەشتەرگەری لە کەرتی تایبەت و کەمبونەوەی لە کەرتی گشتی

## ١. گرفتی بینا

### ١,١. «بیر لە دروستکردنی بینای نەخۆشخانە نەکراوەتەوە»

پزیشکێک جەخت لەوە دەکاتەوە کە کەرتی حکومی لە ڕوی بیناوە گەورەترین کێشەی هەیە، بە جۆرێک تاوەکو ئێستا لەگەڵ زۆربونی ڕێژەی دانیشتوان بیر لەوە نەکراوەتەوە پەرە بە بینا بدەن، ئەمەش وایکردوە نەخۆش ڕو لە کەرتی تایبەت بکات بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی.
ئاکۆ ئیبراهیم، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە کەلار، وتی: لە ڕوی بیناوە گرفتمان هەیە و نەخۆشخانەکان پێویستیان بە بەرفراوان کردن هەیە، چونکە نەخۆش زیادی کردوە و ژمارە پسپۆڕییەکانیش زیادی کردوە، بەڵام شوێن و ئاسانکارییەکان هەر وەک خۆیەتی، ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی نەخۆش ڕو لە کەرتی تایبەت بکات.
بەڕێوبەری نەخۆشخانەیەک ڕەخنەی ئەوە دەگرێت لە دروستکردنی بینادا کەرتی تەندروستی وەلا نراوە.
حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، باس لەوە دەکات: «ئێمە گەورەترین گرفتمان نەبونی بینایە لە گەرمیان بە گشتی لە کاتێکدا پێشتر گرفتی بودجە نەبوە، خۆزگە بەرپرسانی گەرمیان کە دەسەڵات دەگرنە دەست یەکەم شەڕیان کە بیکەن شەڕی دروستکردنی بینای تەندروستی بێت و کاتی خۆی بۆ دروست نەکراوە نازانم بۆچی، چونکە هەمو بینای نەخۆشخانە حکومیەکان کۆنن و چەند نۆژەن بکرێنەوە سودی نیە».
وتیشی: بەهۆی گرفتی بینا و نەبونی هەندێک بەشی پزیشکی ڕۆژانە ١٥ نەخۆش ئیحالەی سلێمانی کراوە و ئەکرێت، چارەسەریش دروستکردنی بینای نوێیە.
هاوکات، سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری، دەڵێت: لە ڕوی بیناوە گەورەترین کێشەمان هەیە، چونکە ئەو ئامێرانەی هەن لە نێو نەخۆشخانەکەدا لەگەڵ بیناکە ناگونجێت، بە دەمەوە هاتنیش نیە لە سەرەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، بودجە و دەسەڵاتی دروستکردنی بیناشمان نیە.
باسی لەوەشکرد: ڕێکخراوی (GIZ) هۆڵی نەشتەرگەریمان بۆ دروست ئەکەن کار لەسەر ڕێکارە کارگێڕییەکان کراوە و چاوەڕێین

حساب بانکی بۆ بکرێتەوە لە بانکی ئەهلی، بەهۆی ئەوەی بانکی ئەهلی لە گەرمیان نیە ئەمە بوە بە گرفت بۆمان ئەگەر نا ئێستا دەستی پێ کردبو.
هاوکات، گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون لەکەلار، وتی: لە ڕوی بیناوە گرفتمان هەیە، چونکە بەشێکی دراوە بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بەتایبەت بەشی لەدایکبونمان وەک پێویست نیە.
بەپێچەوانەوە، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار باس لەوە دەکات کێشەی بینایان نییە.
ڕزگار لەتیف، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار، وتی: «ئێمە لە ڕوی بیناوە هیچ گرفتێکمان نیە و زۆر گونجاوە، ٢ هۆڵی نەشتەرگەریشمان هەیە».
بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان باس لەوە دەکات یەکێک لە هۆکارەکانی بۆ کەمی نەشتەرگەری لە کەرتی گشتی گرفتی بینایە کە لە ماوەکانی ڕابردو وەک پێوست گرنگی بەم کەرتە نەدراوە و زیاتر بیر لە کەرتەکانی دیکە کراوەتەوە.
سیروان محەمەد، وتی: «ئیدارەی شار و پلانسازی شار بیریان لەوە نەکردوتەوە کە کۆمەڵێک بینا و باڵەخانەی گەورە لە سنورەکە دروست بکرێت بۆ کەرتی تەندروستی، ئێستا کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت دەردەکەوێت، بە جۆرێک لە ناو شاری کەلار ٨ باخچەی ساوایان دروست کراوە، لە بەرامبەردا ٢ مەڵبەندی تەندروستی دروستکراوە».
دەشڵێت: بە ئێستاشەوە ئەم بیرۆکەیە بەردەوامە داوای زەویمان کردوە بۆ کەرتی تەندروستی و گۆڕانکاری کردن بەتایبەت لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار پێمان نادەن، پلانێکی ٢٥ ساڵیمان داناوە تایبەت بە دروستکردنی بینا و باڵەخانە و نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی لە کەلار، بۆیە ئەوکات لە بری ٤ هۆڵی نەشتەرگەری دەکرێت ببێت بە ١٦ هۆڵ ئەمەش وا ئەکات ڕێژەی نەشتەرگەرییەکان زیاتربین.

## ١,٢. کەمی ژمارەی هۆڵی نەشتەرگەریی

له نەخۆشخانه حکومیەکان کەمی هۆڵی نەشتەرگەرییەکان هۆکارن بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی کەم نەشتەرگەری ئەنجام بدرێت، هۆکاری ئەمەش زۆری ڕێژەی نەخۆشە لە سنورەکەدا.

ئاکۆ ئیبراهیم، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە کەلار، وتی: پێشتر ڕێژەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان زۆربون ئێستا کەمی کردوە، لەبەر ئەوەی هۆڵەکانی نەشتەرگەری کەمن و پێویستە فراوان بکرێت، پێداویستیە پزیشکیەکانیش زیاتر بکرێت.

«لە روی بیناوە گرفتمان هەیە، ئەگەر بکرایە هۆڵی نەشتەرگەرییەکان گەورەتر و پاکوخاوێن تربوایە بۆ ئێمە باشتر ئەبو، بەڵام بەوەشەوە ئیشی خۆمانی تێدا ئەکەین».

هەردی کەریم، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە کەلار، وای وت.

هاوکات، رزگار نەجمەدین، پسپۆڕی نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی چاو لە کەلار دەڵێت: «هۆڵێکی نەشتەرگەریمان هەیە گشتیە و ژورێکمان هەیە بۆ کارەکانمان لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک شتی تری تیا ئەکرێت و زانستیانە بەڕێوە ناچێت، ئەگەر بتەوێت هۆڵێکی تایبەت بە نەشتەرگەری چاو بکرێتەوە بودجەی پێویستە، ئەمە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بە پێچەوانەوەیە، چونکە پارەی بۆ خەرج ئەکرێت، ئەگەر ئەمەش بۆ حکومی خەرج بکرێت».

گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون وتیشی: «ئێمە ٢ هۆڵی نەشتەرگەریمان هەیە و لە بەرنامەدایە هۆڵێکی تر بکرێتەوە کە لەلایەن ڕێکخراوی (GIZ) بکرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە و چاوەڕێن».

«ئێمە ٢ هۆڵی نەشتەرگەریمان هەیە یەکێکیان گەورەیە ئەوی دیکەشیان بچوکە بۆ نەشتەرگەرییە جۆراوجۆرەکان»، سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری وای وت.

حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار باس لەوە دەکات: « ئێمە ٥ هۆڵی نەشتەرگەریمان هەیە کە دابەشکراون بۆ جۆرەکانی نەشتەرگەری وەک: (نەشتەرگەری گشتی، چاو، قورگ و لوت و گوێ و گورچیلە)، هەمو جۆرە نەشتەرگەرییەکی تێدا ئەنجام دەدرێت، تەنها نەشتەرگەرییە قورسەکانی وەک کردنەوەی سنگ بۆ نەخۆشی دڵ ئەمەش پزیشک و ستاف و شوێنی تایبەتی خۆی دەوێت کە نیمانە، بۆنمونە پزیشکی مێشک و دەمارمان هەیە، بەڵام شوێنمان نیە«.

بە پێچەوانەوە، شکار نزار، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی قورگ و لوت و گوێ وتی: «هۆڵی نەشتەرگەری گرفتێک نیە و گونجاوە بۆ ئێمە و دەتوانین کاری خۆمان بکەین».

لە نەۆخشانەی تایبەتەکان یەکێک لە خاڵەکان کە زۆر گرنگی پێدراوە هۆڵەکانی نەشتەرگەرییە، بە جۆرێک نەخۆشخانەی وا هەیە ٦ هۆڵی نەشتەرگەری هەیە، لە پاڵ ئەوەشدا لەروی ئامێر و «تجهیز»ـەوە گرنگیی زۆریان پێدراوە.

ئەکرەم مەحمود، بەڕێوبەری شاری پزیشکی گەرمیانی تایبەت لە کەلار، دەڵێت: «شەش هۆڵی نەشتەرگەری گەورەمان هەیە بە تەواوی مواسەفاتەکانی سەردەمەوە بە تەوای پێداویستیەکانی تەعقیمەوە، لە داهاتوشدا پێویست بکات ژمارەی هۆڵەکان زیاتر دەکەین».



## ١ ,٣. گەرمیان لە چاوەڕوانی نەخۆشخانە ١٠٠ قەرەوێڵەییەکە

بۆ ماوەی ٨ ساڵە نەخۆشخانە ١٠٠ قەروێڵەیەکەی کەلار کارەکانی ڕاگیراوە تەندروستی گەرمیان و ئیدارەی گەرمیانیش جەخت لەوە دەکەنەوە هیچ وادەیەک دیاری نەکراوە بۆ دوبارە دەستپێکردنەوە بە کارەکانی.
سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وتی: « تاوەکو ئێستا هیچ زانیارییەکمان بۆ نەهاتوە کەی نەخۆشخانە ١٠٠ قەرەویڵەییەکەی کەلار دەستبەکار دەبێتەوە، ئەگەرچی کاتێک وەزیری پلاندانان هاتە گەرمیان بە ڕەزامەندی سەرجەم بەڕێوبەرایەتیەکانی سنورەکە کە یەکەم پرۆژەبێت بۆ دوبارە دەست بەکارکردنەوە تێیدا، ئەگەرچی هەر ئەوکات وەزیر پێی ڕاگەیاندین بودجەکەی زۆرە و ناتوانن دابینی بکەن».
نەخۆشخانەی ١٠٠ قەرەوێڵەیی لە کەلار، لە ماوەی ٨ ساڵدا تەنها ٣٥٪ کارەکانی تەواو کراوە.
ڕامیار عەبدولرەحمان، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، ڕایگەیاند: «نەخۆشخانەکە پێویستی بە ١٥بۆ ١٨ ملیۆن دۆلارە و تا ئێستا هیچ وادەیەک بۆ دەستپێکردنەوەی کارەکانی دیاری نەکراوە».



## ٢. کەمی ستافی پزیشکی

هەندێک لە نەخۆشخانەکان هێما بۆ ئەوەدەکەن کە کەمی ژمارەی ستافی پزیشکیی هۆڵەکانی نەشتەرگەری هۆکارن بۆ کەمی ژمارەی نەشتەرگەرییەکان.
گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون، هێمای بۆئەوەکرد: لە روی ستافە نەشتەرگەرییەوە گرفتی کەمی کارمەندمان هەیە، ڕۆژی وا هەیە ٧ نەشتەرگەری ئەنجامدەدرێت لە دەوامی بەیانیاندا ١ کارمەند ئیدامەی دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ٦ کارمەندمان هەیە لە بەشی نەشتەرگەری، کە بەلای کەمەوە پێویستمان بە ٦ کارمەندی دیکە هەیە، ئەو کارمەندانەش زۆربەیان لە ناوچەکانی تری کوردستانەوە دێن.
ئەم کێشەیە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنیش هەیە. ڕزگار لەتیف، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار، وتی: نەبون و کەمی ستافی نەشتەرگەری یەکێکە لە کێشەکانمان، چونکە ئەوەی هەیە ستافی نەخۆشانەی گشتی کەلارن و بە تەنسیب لای ئێمەن و نەشتەرگەرییەکان ئەنجام ئەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای کەمەوە ڕۆژی ١٠ نەشتەرگەری جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت.
بەڵام ئەم کێشەیە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکاندا بونی نیە.
ئەکرەم مەحمود، بەڕێوبەری شاری پزیشکی گەرمیان، وتی: کێشەمان نیە لە کەمی کارمەندی یاریدەدەری نەشتەرگەر یان یاریدەدەری پزیشکی بێهۆشکار، کە ژمارەیان ٢٠ کارمەند دەبێت.

## ٣. کەمی پزیشکی بێهۆشکاری

پزیشکان و بەڕێوبەرانی نەخۆشخانەکان باس لەوە دەکەن یەکێک لە هۆکارەکان بۆ سستی نەشتەرگەرییەکان لە کەرتی حکومەت بۆ کەمی پزیشکی بێهۆشکاری دەگەڕێتەوە.
ئیسرا نازم کەرەم، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبون لە کەلار، باس لەوە دەکات: «پزیشکی بێهۆشکار یەکێکی ترە لە گرفتەکان بۆ ئێمە، چونکە ژمارەیان کەمە، ئەمەش وایکردوە نەشتەرگەرییەکان کەمبن، ئەگەرچی ئێمە نەوەستاوین و کاری خۆمان هەر کردوە».
بە پێچەوانەوە، شکار نزار، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی قورگ و لوت و گوێ، وتی: «لە روی پزیشکەوە گرفتێکمان نیە و پزیشکی بێهۆشکاریش هەیە، بەڵام گرفتەکە نەبونی دەرمانی بێهۆشکارییە کە زۆرجار گرفتمان توش دەبێت، وایکردوە نەتوانرێت هەمو جۆرە نەشتەرگەریەک بکرێت».
سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری دەڵێت: «بەهۆی ئەوەی کە پزیشکی بێهۆشکاریمان نیە ئەوەی کە دێت لە کەلارەوەیە هەر ٢ رۆژە لە ئێستادا، بە هەمو گەرمیانیشەوە ٤ پزیشکی بێهۆشکاری میلاک هەیە لە نەخۆشخانەکانی سنورەکە و بەشی نەخۆشخانەی قەڵاش».
هێمای بۆ ئەوەشکرد: بەهۆی ئەوەی کە ٢ رۆژ نەشتەرگەریمان هەیە لە روی ستافەوە گرفتێکمان نیە، بەڵام بکرێت بە ٣ رۆژ لە هەفتەیەکدا پێویستمان بە کارمەند دەبێت.
لە سنوری گەرمیان تەنها یەک نەخۆشخانەی تایبەت بە ژنان و منداڵبون هەیە، رۆژانە رێژەیەکی بەرچاوی ژنان رو لەو نەخۆشخانەیە دەکەن لە کاتێکدا تەنها یەک پزیشکی میلاکی بێهۆشکاری بونی هەیە.

گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون، وتی: «پزیشکی بێهۆشکاریمان ١ دانە هەیە میلاک بێت، ئەوەکانی تر لە نەخۆشخانەکانی تری کەلارەوە دێن، ئەوانیش ٢ خۆبەخش و ٣ دانەشیان میلاکی ئەو نەخۆشخانەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە نەبوەتە رێگر بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان».
بە پێچەوانەوە، حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار باس لەوە دەکات: «٧ پزیشکی بێهۆشکارمان هەیە کە دەکرا زیاتر لە ١٥ دانە بن، چونکە لە هەمو نەخۆشخانەکان کاردەکەن، ئەمەش وایکردوە رێژەی نەشتەرگەرییەکان لە کەرتی حکومی کەم بێت، گرفتی یاریدەدەری پزیشکی بێهۆشکارمان هەبو، وەزارەتی تەندروستی گرێبەستی بۆ نوێ کردنەوە کە لە نەخۆشخانەی قەڵاش دەوام دەکەن، ژمارەیان ١٦ کارمەندن لە هۆڵی نەشتەرگەری».
هاوکات، سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، وتی: «گرفتی کەمی پزیشکی بێهۆشکاری لە هەمو کوردستان هەیە، بەڵام گەرمیان لەچاو هەندێک ناوچەی تر باشترە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت هاندانی نیە بۆ ئەو پزیشکانە، چونکە لە مانگێکدا ٢٠ شەو خەفەریاتیان هەیە کەچی موچە و ئیمتیازاتی ئەو پزیشکانە وەک پزیشکێکی پێستە وایە کە لە هەفتەیەکدا ١ رۆژ دەوام دەکات لە نەخۆشخانە، هۆکاری ئەمەش خراپی سیستەمەکەیە.
هاوکات، ئەکرەم مەحمود، بەڕێوبەری شاری پزیشکی گەرمیانی تایبەت لە کەلار، دەڵێت: «لە روی ستافەوە کارمەندی تەواومان هەیە بەتایبەت لە بەشی نەشتەرگەری».

## ٤. کەمی کات هۆکارە بۆ سستی نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانە حکومیەکان

### ٤-١. «٣ کاتژمێر و نیو هەیە بۆ نەشتەرگەریی»

بەڕێوبەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کەمی کاتی دیاریکراو بۆ نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە حکومیەکان، هۆکارە بۆ کەمی رێژەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان بە گشتی.
حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار باس لەوە دەکات: لە نێو نەخۆشخانەی گشتی کەلار ٤ رۆژ (یەکشەممە بۆ چوارشەممە) نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت، کاتی دەوامی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکانیش ٣ کاتژمێر و نیوە، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ ئەوەی رێژەیەکی کەم لە هەمو جۆرەکانی نەشتەرگەری ئەنجام بدرێت، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا کە دیاری کراوە بە لای کەمەوە رۆژانە ١٠ بۆ ١١ نەشتەرگەری ئەنجام ئەدرێت، لە هەوڵداین رۆژانی شەممەشی بۆ زیاد بکەین».
لەبارەی جیاوازی کاتی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکان دا، حارس محەمەد وتی: بە بەراورد بە نەخۆشخانە تایبەتەکان رێژەی نەشتەرگەریەکان لە نەخۆشخانە حکومیەکان کەمە چونکە کاتی نەشتەرگەریەکان کەمە، چونکە پزیشک لە کەرتی تایبەت ١٦ کاتژمێر نەشتەرگەری ئەنجام دەدات».
وتیشی: ئێمە ساڵ هۆڵەکانی نەشتەرگەری داخرا تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ چ بەهۆی ئەوەی بەشێک لە کارمەندەکان کێشەیان

هەبو و چ بەهۆی هاتنی کۆرۆناشەوە کە ماوەیەک ئیشوکارەکانمان پەکیان کەوت.
بە هەمانشێوە، سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری دەڵێت: «هۆکاری کەمی نەشتەرگەری گشتی لە نێو نەخۆشخانەمان ئەوەیە کە ٢ رۆژ نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت، بۆ هەر رۆژێکیش بە لای کەمەوە ١٣ نەشتەگەری ئەنجامدەدرێت، بۆ مانگەکەش ناگاتە ٥٠ نەشتەرگەری، ئەمەش بۆ قەزایەکی وەک کفری کەمە«.
وتیشی: لە هەوڵداین بیکەین بە سێ رۆژ.
بە هەمان شێوە، سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وتی: «ئێمە لە نەخۆشخانەی گشتی کاتێکمان هەیە پێوەی پابەندین و نەشتەرگەری خۆمانی تێدا ئەنجام دەدەین، ئەویش لە کاتژمێر ٩ بۆ ١٢ نیوەڕۆیە، پزیشکەکان لە فریاکەوتنیش دەوام دەکەن شەوی وا هەبوە ٩ نەشتەرگەرییان ئەنجامداوە، راستە لە روی ژمارەوە جیاوازی هەیە لەبەر ئەوەی ژێرخانی کەرتی تەندروستی لە گەرمیان خراپە، بەڵام ئەوانەشی لە کەرتی تایبەت رێژەکە زیاترە کاتی خۆی گرتوە بۆیە«.

## ٤-٢. «مەرج نیە پزیشک تا کاتژمێر ١٢ لە نەخۆشخانە حکومیەکان بێت»

بەرێوبەران باس لەوە دەکەن رێنمای وەزارەتی تەندروستی نیە کە تاوەکو کاتژمێری ١٢ی نیوەڕۆ دەبێت پزیشک لە نەخۆشخانەی حکومی دەوام بکات، بەڵکو لە هەمو نەخۆشخانەکانی کوردستان بەوشێوەیە کە پێی دەوترێت (راوێژکاریی =استشاری)، دوابەدوای ئەوە پزیشک سەردانی نەخۆشەکانی دەکات کە داخڵ بەو نەخۆشخانەیە بون.
سامان سەرتیپ، بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری، دەڵێت: رێنمای وەزارەتی تەندروستی نیە کە دەبێت تاوەکو کاتژمێر ١٢ دەوام بکەن، ئەمە تەنها بۆ راوێژکاریی بەیانیانە، لە دوای ئەوە پزیشک سەردانی نەخۆشەکانی دەکات کە نەشتەرگەری بۆ ئەنجام داوە یاخود نەخۆشێکی هەیە و لە نەخۆشخانە خەوێنراوە، زۆرجار تاوەکو کاتژمێر ٢ دەمێننەوە.
«لە هەمو شوێنێکی کوردستان وایە کە پزیشک لە کاتژمێر ١٢ هەڵدەستێت، ئەوەی کە دەوترێت نەشتەرگەری کەم ئەنجام دەدرێت، ئێمە ٢٤ کاتژمێر نەشتەرگەری ئەنجام دەدەین بۆ حاڵەتە گەرم و کتوپڕەکان، لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە بەلای کەمەوە ١٠٠ نەخۆش ئەبینرێت لەلایەن پزیشکەکانەوە». گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون وای وت.



## ٥. کەمی ژمارەی پزیشک

### ٥-١. کەمی پزیشک و زۆری نەشتەرگەرییەکان

«لە روی ژمارەی پزیشکەوە ٥ دانەمان هەیە هەمویان نەشتەرگەری گشتین، بەڵام کە پزیشکی بێهۆشکاری نەبێت هیچ شتێک ناگۆرێت، ئەو نەشتەرگەریانەی کە ئەنجام دەدرێت رێژەکەی بەرز نابێتەوە»، ئەمە وتەی سامان سەرتیپ، بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانیە لە قەزای کفری.
دەشڵێت: بەهۆی ئەوەی کە پزیشکەکانمان لە کەلارەوە دێن زۆرجار لە کاتژمێر ٩ی بەیانی دەست بە دەوام دەکەن، ئەمەش یەکێکی ترە لە گرفتەکان کە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ئۆتۆمبێلی باش دابین بکەن بۆ زوتر گەیاندنیان، سەرباری ئاراستەکردنی نوسراو.
هاوکات، گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون وتی: «وەک هەمو نەخۆشخانەکانی تر بەدەرنین لە کەموکورتی، ئێمە جیاوازین لە نەخۆشخانەکانی تری گەرمیان چونکە ٢٤ کاتژمێر کراوەیە و نەشتەرگەری ئەنجام ئەدرێت، ٩ پزیشکمان هەیە پسپۆری ژنان و منداڵبون، بەڵام پزیشکی نیشتەجێی دێرین کەمن ٢ دانەمان هەیە ناتوانن ئیشی هەمو گەرمیان بکەن».
وتیشی: دو ساڵە پزیشکی نیشتەجێی خولاومان نیە، ئەمەش یەکێکی ترە لە گرفتەکانمان.
بە پێچەوانەوە، حارس محەمەد، بەرێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار باس لەوە دەکات: «لە ئێستادا زیاتر لە هەمو کاتەکان پزیشکی پسپۆر لە گەرمیان بونی هەیە، بەڵام گرفت کەمی پزیشکی بێهۆشکارییە».

## ٢-٥. نەبونی پزیشکی منالآن

پزیشکێکی ژنان و منالّبون باس لەوە دەکات لە نەخۆشخانەی تایبەت بە ژنان و منالّبون پزیشکی منالآن نیە کە ئەمە گرفتێکە، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکان کە هاولآتیان دەچنە کەرتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری.
ئیسرا نازم کەرەم، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منالّبون لە کەلار، وتی: «گرفتی ئێمە لە نێو نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب ئەوەیە کە دکتۆری منالآنمان نیە ئەرکی ئەوەش کەوتوە ئەستۆی ئێمە، زۆرجار کێشەمان توش ئەبێت بەتایبەت ئەو منالآنەی کە بە نەشتەرگەری لەدایک ئەبن، چونکە هەندێکجار سڕکردن (بەنج) بۆ ئەوانیش ئەڕوات».

## ٦. نەبونی بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە حکومیەکان

هەردی کەریم، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە کەلار، دەڵێت: «کۆمەڵێک هاولآتی هەن ناتوانین نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام بدەین، چونکە هەیە فشاری خوێنیان بەرزە یاخود لێدانی دڵی لاوازە یاخود توشی شەکرە بوە، ئەمانە کە مەترسی لەسەر ژیانیان هەبێت بۆیان ناکەین، لەبەر ئەوەی پێویستت بە بەشی چاودێری چڕ ئەبێت نە لە نەخۆشخانەی کەلار و نە کفریش ئەو بەشە نیە«.
وتیشی: مەرج نیە بتوانین لە تایبەت ئەوە بکەین، زۆرجار ئەو کەسانە دەبرێنە سلێمانی، بەلآم وەک خۆم تاوەکو ئێستا نەخۆشی وام نەبوە.
رزگار لەتیف، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار، دەڵێت: «بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە حکومیەکان لە گەرمیان نیە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوە بۆ رەوانەکردنی نەخۆش لە گەرمیانەوە، ئەگەرچی ئێستا رێژەکە کەمی کردوە، هۆکاری ئەوەشی کە نیە شوێنی تایبەت و ستافی تایبەتی ئەوێت کە نیمانە بەهۆی نەبونی دامەزراندنەوە«.
«بەهۆی نەبونی بەشی چاودێری چڕ لە هەمو نەخۆشخانە حکومیەکان لە گەرمیان وایکردوە نەشتەرگەرییە قورسەکان ئەنجام نەدرێت، کە ئەمەش ستاف و شوێن و ئامێری باشی دەوێت، ئێمەش ئەو بودجەیەمان نیە بۆ ئەوەی دابینی بکەین»، حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار وای وت.
هاوکات، سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وتی: «بەشی چاودێری چڕ راستە لە گەرمیان نیە، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە یەکێک لەوانە نەبونی بەشی تایبەت و پزیشکی پێویست و ئامێری پێویستیش، بۆیە کاتێک نەخۆشخانەی قەلآ دروست کرا دیزاینەکەی بەو شێوەیە بو کە لە داهاتو بەشێکی بکرێت بە بەشی چاودێری چڕ، چونکە ئامێر و بیناکەشی گونجاوە و ئەو ستافەشی لەوێیە دەتوانرێت سودیان لێببینرێت».

## ٧. بەرێوبەری نەخۆشخانەکان هۆکاری کەمی نەشتەرگەری بۆ کەمی ئامێرەکان دەگێرنەوە

بەڕێوبەری نەخۆشخانەیەک باس لەوەدەکات هۆکاری کەمی نەشتەرگەرییەکان لە کەرتی حکومە بۆ گرفتی کەمی ئامێرەکان دەگەڕێتەوە بە جۆرێک بەشێکیان لە کڕیندان.
حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار باس لەوە دەکات: «یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان بۆ ئەنجامدانی کەمی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە حکومیەکان گرفتی کەمی ئامێرەکانە، ئەگەرچی ئەوە نەیوەستاندوین و بەردەوامین و رۆژانە بەپێی ئەو پێداویستیانەی کە هەیە نەشتەرگەری دەکرێت ، بەتایبەت ئامێری COT کە تایبەتە بە نەشتەرگەری زراو ئەوە بۆ ماوەی ١٠ مانگ دەبێت لە کارکەوتوە و لە ئێستادا کڕدراوە لەلایەن تەندروستی گەرمیانەوە بەم نزیکانە ئەویش دەکەوێتەوە کار، چونکە رێژەیەکی زۆری نەشتەرگەریەکە لە دەرەوە دەکرێت».
وتیشی: کۆمەڵێک ئامێری دیکەمان هەن لە تەندەریندایە و چاوەڕوانین بیکڕن بۆمان، ئەوانیش: (ئامێری شکاندنی بەردی زراو، ئامێرەکانی تایبەت بە نەشتەرگەری زراو، ئامێری OTO کلەیڤ) هەمو ئەمانە هەندێکی لە لیژنەی کڕیندایە، ئەو ئامێرانەشی کە هەیە لە نەخۆشخانەی گشتی لە روی کوالێتیەوە باشترینن.
سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری، دەڵێت: «لە روی ئامێرەوە ئەوەی کە پێویستە بۆ ئەو نەشتەرگەریانەی کە ئەنجام دەدرێت هەن، بۆ نمونە: وەک ئامێری نەشتەرگەری (زراو، ریخۆڵەکوێرە، مایەسیری، فتق، شکاوی، قورگ و گوێ و لوت، نەشتەرگەری تایبەت بە ژنان)، بەلآم گرفتەکە ئەوەیە ئامێرمان نیە لە هەمان جۆر کە ئەمەش ئەگەر خراپ ببێت ژیانی کەسێک کە نەشتەرگەری بۆ بکرێت دەکەوێتە مەترسیەوە«.
دەشڵێت: بۆ نەشتەرگەرییە قورسەکان ئامێرمان نیە، بۆ نمونە نەخۆشی دڵ یاخود گورچیلە، دکتۆری پسپۆریشمان نیە، ئەوانەشی کە لێرەن و لە ئەهلیەکانن میلاکی ئێرە نین.
لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب تایبەت بە ژنان و منالّبون تاوەکو ئێستا ئامێری نەشتەرگەری بە نازور نیە، هۆکاری ئەمەش بۆ نەبونی بودجەی پێویست دەگەڕێتەوە.
گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالّبون، وتی: لە روی ئامێرەوە گرفتێکی ئەوتۆمان نیە کە یەکێک بێت لە گرفتە زۆر گەورەکان و نەتوانین نەشتەرگەری ئەنجام بدەین ئیشەکانمان رای ئەکەین، بەلآم ئەو ئامێرانەی وا پێشکەوتون و ئامێری نەشتەرگەری بە نازور نیمانە، ئەگەرهەبێت باشترە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئامێرانەی کە هەن لەگەڵ سەردەم ئەگونجێن.

## ٨. کەمی ئامێرەکانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە حکومیەکان

پزیشکان و بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن نەخۆشخانە گشتیەکان لە روی ئامێرەوە گرفتی هەیە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان بە تایبەت نەشتەرگەری زراو کە لە کەلار بۆ ماوە ١٠ مانگە لە کارکەوتوە.

ئاکۆ ئیبراهیم، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە کەلار، دەڵێت: «لە روی ئامێر و پێداویستەکان پێشتر گونجاوتر بون لە ئێستا، چونکە بەشێک لە نەشتەرگەرییەکان پەوەندی بە ئامێری ناوبینەوە هەیە واتا (نازور)، بۆ ماوەی ١٠ مانگ دەبێت نەشتەرگەریەکەمان نەکردوە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، لەبەر ئەوەی ئامێرەکە چاک نەکراوەتەوە و لەکارکەوتوە، ئەمەش گرفتی دروست کردوە بۆمان».

هێمای بۆ ئەوەشکرد: بەڵام ئەوانەی کە کرانەوەیە و بە دەست ئەنجامی دەدەین هەمو نەشتەرگەرییەکان دەکەین و گرفتێک نیە. «ئەو ئامێرو پێداویستیانەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی نەشەرگەری هەموی لە نەخۆشخانە حکومیەکان هەیە، تەنها هەندێکجار نەبێت هەندێک پێداویستی نەبوە بە تایبەت دەرمان، لەگەڵ ئەوەشدا لە کەلار تەنها ئامێری نەشتەرگەری زراوەکە نەبێت ئەوەش لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی»، هەردی کەریم، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لە کەلارباسی لەوەکرد.

پزیشکێک باس لەوە دەکات لە نەخۆشخانە حکومیەکان هەمو شتێک دەستەبەر نیە بۆ ئەوەی بتوانیت هەمو ئەو نەشتەرگەریانەی کە پێویستە بۆیان ئەنجام بدرێت بە تایبە لە روی ئامێرەوە.

رزگار نەجمەدین، پسپۆرە نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی چاو لە کەلار، دەڵێت: «بەگشتی لە نەخۆشخانە حکومیەکان هەمو شتێک دەستەبەر نیە و تۆزێک خاو دەڕوات، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی بودجە نیە و بۆیان تەرخان ناکرێت، زۆرجار پێمان وتراوە کە لیستێک پڕبکەینەوە کە چیمان پێویستە و لە روی ئامێر و پێداویستیەوە، بەڵام ئەوە بۆ ٦ ساڵ دەڕوات هێشتا نەکراون».

وتیشی: ئەگەربتەوێت هۆڵێکی تایبەت بە نەشتەرگەری چاو دروست بکەیت و هەمو پێداویستیەکت هەبێت وەک ئەنجامدانی نەشتەرگەری بەبێ تەقەڵ و لابردنی ئاوی سپی و هێنانی عەدەسەی تایبەت، تێچوی زۆری دەوێت و سەپۆرتێکی باشی پێویستە، کەسێک دەبێت سەرپەرشتی بکات جگە لە پزیشک خۆی، قابیلی کردنیشە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار تەنها هەندێک ئامێری هەیە، بەگشتی ئامێرەکانیشی بای ٢٠ هەزار دۆلار (٢ دەفتەر) دەبن.

«لە روی ئامێر و پێداویستی تایبەت بە نەشتەرگەری کەموکورتی هەیە بەتایبەت ئامێرەکانی تایبەت بە نەشتەرگەری لوت، لە کاتێکدا ئێمە کارەکانمان تەنها بە ئامێر بەڕێوە دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی مادە پاککەرەوەکانی تایبەت بە تەعقیم کردنی ئامێرەکانیش هەیە« . شکار نزار، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی قوڕگ و لوت و گوێ وای وت.

هاوکات د.هیوا پێنجوێنی، پزیشکی پسپۆڕ لە نەشتەرگەری و نەخۆشییەکانی گورچیلە، لە لێدوانێکی پێشتری دا بۆ رادیۆی دەنگ، باسی لەوەکرد: کە ئەو بەشەی ئەو کاری تێدا دەکات زۆربەی نەشتەرگەرییەکانی بەنازور دەکرێ، بەڵام لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار هیچ جۆرە ئامێرێکی نازور نیە، بۆیە نەخۆش ناچارە بڕوات لە نەخۆشخانەیەکی نەشتەرگەرییەکەی بکات.

هاوکات ئیسرا نازم کەرەم، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منالبون لە کەلار، دەڵێت: لەروی ئامێر و پێداویستیەوە باشین و دەتوانین نەشتەرگەری ئەنجام بدەین، راستە کەموکورتی هەیە، بەڵام گونجاوە.

«لە روی ئامێرەوە گرفتێکی ئەوتۆمان نیە، بەڵکو ئەمساڵ ئامێری زۆرباشمان کڕی، زۆربەی نەشتەرگەرییە سارد و گەرمەکانیش ئەنجام ئەدەین»، رزگار لەتیف جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار وا دەڵێت.

بەپێچەوانەی نەخۆشخانە حکومیەکانەوە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان زۆربەی ئەو ئامێرانەی کە پێوسستن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری بونی هەیە بە کوالێتیەکی بەرزەوە.

ئەکرەم مەحمود، بەڕێوبەری شاری پزیشکی گەرمیانی تایبەت لە کەلار باسی لەوە کرد: «هەمو ئەو ئامێرانەی کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان بە کوالێتیەکی باش کە لە جیهاندا بەربڵاون بەپێی نەشتەرگەرییەکان پێداویستیەکان بەردەستن».

وتیشی: هەمو نەشتەرگەرییەکان دەکرێن وەک: (قورگ و لوت و گوێ، ئێسک و شکاوی، منالبون و نەشتەرگەرییەکانی دیکەی ژنان، گورچیلە و میز و میزەڕۆ، هەمو جۆرەکانی تری نەشتەرگەری گشتی)، لەگەڵ ئەوەشدا بەم نزیکانەش مێشک و دەماریشمان دەبێت، لەگەڵ تەواوی نەشتەرگەرییەکان چاو.

## ٩. تەنها نەخۆشخانەی گشتی کەلار ساڵانە ٦٠٠ ملیۆن دیناری پێویستە

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش هۆکاری نەبونی ئامێری پێویست گرێدەداتەوە بۆ نەبونی بودجەوە.

سیروان محەمەد، وتی: «ئێمە لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە کە روبەروی قەیران بوینەوە لە روی بودجەوە کە لیژنەیەکمان پێکهێناوە لە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان بۆ کڕینی ئامێر و پێداویستی، کاتێک بودجە بەش کرا نەخۆشخانەی گشتی کەلار تەنها ٦٠ ملیۆن دیناری بەرکەوتوە ئەمە بەشی کڕینی یەک ئامێریش ناکات، بۆ ماوەی ٢ ساڵە هیچ ئامێرێکمان نەکڕیوە بۆ نەخۆشخانەکان، رێژەیەکی زۆرمان لە تەندەرین دایە».

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەگەر بمانەوێت بۆ هەر ساڵێک بە بەردەوامی ئامێر و پێویستی بکڕین و چاکسازی «سیانە» بکەینەوە، تەنها نەخۆشخانەی گشتی کەلار ٦٠٠ ملیۆن دیناری پێویست ئەبێت.

سەبارەت بە کۆمپانیاکانی کڕین و هێنانی ئامێر بۆ نەخۆشخانەکانی گەرمیان، باسی لەوە کرد: «یەکێکی دیکە لە گرفتەکانمان ئەوەیە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی ئەو ئامێرانەی کە دەکڕدرێن یان دەهێنرێن لەلایەن کۆمپانیاکانەوە راستەوخۆ پارەکەیان پێنادرێت، بەڵکو دەکرێت بە قیست بۆیان، ئەمەش وایکردوە ساردبن و نەیەنە پێشەوە، بەجۆرێک کۆمپانیای وا هەبوە بای ١٠٠ ملیۆن دینار ئامێری کڕیوە بۆ تەندروستی، کەچی بە ٥٠ مانگ پارەکەیان پێداوەتەوە».

## ١٠. چالاکوانێک «پاساوەکانی تەندروستی» ڕەد دەکاتەوە

بەپێچەوانەی ئەوەی لەم نۆ حاڵەی ڕابردودا باس کرا، چالاکوانێک پێیوایە کێشەکە لە کەمتەرخەمی و لێپێچینەوەیە، نەک لە کەموکورتی و هۆکاری دیکە.
ئاراس محەمەد، ڕۆژنامەنوس و چالاکوانی مەدەنی لە کەلار دەڵێت: چەندین کەیس هەیە بەتایبەت ژنان و منداڵبون کە نێردراوە بۆ کەرتی تایبەت، کەیس هەیە پزیشک بە نەعل لە نەخۆشی داوە کە نەخۆشی خۆی نەبوە و لە نەخۆشخانە نەشتەگەری بۆ کردوە، بۆ ئەمانە چی کراوە؟ کام لێپێچینەوە کراوە؟
ئەو چالاکوانە پێشیوایە پزیشکان پشتیان لە کەرتی گشتی و ڕویان لە کەرتی تایبەت کردوە «بە جۆرێک پزیشک پێی حەیفە بچێت لە کەرتی گشتی نەشتەرگەری ئەنجام بدات».
وتیشی: بەپێی ئەو بەدواداچونەی کە لە ماوەکانی ڕابردو کردومە، کێشەکە ئامێر و بینا و کات نیە، بەڵکو پزیشکەکانن کە ئیجرائات نیە بەرامبەریان لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانەوە کە دەسەڵاتی نیە بە سەریانەوە.
نەک هەر ئەوە، ئەو چالاکوانە پێشیوایە کە کەرتی تایبەت بە ڕادەیەک بەهێز بون، کە مامەڵە بە پزیشکانەوە دەکەن و کەسانێک هەن وەکو تۆڕ کار لە کەرتی تایبەت دا دەکەن، عیادە و دەرمانخانە و تاقیگە بۆ پزیشکەکان ئامادە دەکەن و دەگرن و لەگەڵیاندا ڕێککەوتن و شەریکایەتی دەکەن، دەشڵێت: «تەنانەت پزیشکی وا هەبوە کە نەچوەتە ژێر باریان بۆ کەرتی تایبەت، نەیانهێشتوە لێرە بمێنێتەوە، چونکە بازاڕی ئەوانەی شکاندبو».

## سێیەم: چاودێریکردنی حکومەت بۆ کەرتی تایبەت

تەندروستی گەرمیان بەشێکی تایبەتی هەیە بە چاودێریی و پشکنین، کە هاوکات لەگەڵ چاودێریی بەشەکانی ناوخۆی، چاودێریی کەرتی تایبەتیش دەکات، بەڵام ئەم بەشە زۆرتر پشت بە تۆمارکردنی سکاڵا دەبەستێت وەک لەوەی خۆی بەدواداچون و لێپێچینەوە بکات.
بۆ ئەمساڵ نزیکەی ٢٥ سکاڵای جۆراوجۆر لە ئاراستەی تەندروستی گەرمیان کراوە لەسەر کەمتەرخەمییەکان لە کەرتی تایبەت و گشتی لە سنورەکەدا، بەوتەی خۆیان پزیشک و کارمەند لەسەر ئەو سکاڵانە سزادراون.
ڕەحیم عەبدوڵڵا، لێپرسراوی هۆبەی سکاڵا لە بەشی پشکنین و بەدواداچون لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: «ئێمە ٢ جۆر سەردانمان هەیە سەردانێک بۆ کەرتی گشتی سەردانێکیش بە کەرتی تایبەتە، بەتایبەت سەبارەت بە نەشتەرگەرییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گرفتی کەمی کارمەندمان هەیە کە تاوەکو ئێستا ٢ کەس بوین تازە بوین بە ٤ کەس، سەردان و پشکنینەکانمان ئەنجام داوە بە پێی کات».
وتیشی: سکاڵامان بۆ هاتوە جۆراوجۆرە کە بۆ ئەمساڵ نزیکەی ٢٥ دانەمان بەدەست گەشتوە، بە دواداچونیشی بۆ کراوە لەلایەن بەڕێوبەری گشتیەوە کە بە یاداشت ئاراستەمان کردوە، پزیشک و کارمەندیش سزا دراون لەسەر ئەو سکاڵانە.
هاوکات بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، سیروان محەمەد، دەڵێت: «ئێمە بە بەردەوامی چاودێری نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکان دەکەین و سەردانیان دەکەین، هەر هاوڵاتیەک چ ڕەخنە و گلەییەکی هەیە لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی دەکرێت و هاوکات لە ڕوی نەشتەرگەرییەکانیشەوە سکاڵا تۆمار بکات، بەدواداچون دەکەین و کردوشمانە».
لەبەرامبەردا چالاکوانێک گومانی هەیە حکومەت بەدواداچونێکی جیدیی بۆ ئەم پرسە کردبێت.
کەریم مەدحەت، مامۆستای زانکۆ و چالاکی مەدەنی، وتی: لەلای ئێمە هیچ ئیجرائاتێک نیە بەرامبەر پزیشک و نەخۆشخانەکان، بەجۆرێک هاوڵاتی لە ژێردەستی پزیشک دەمرێت شتەکە بە ئاسایی وەردەگیرێت، نەخۆش هەبوە پێش ئەوەی لە تاقیگەوە پشکنینەکانی بگەڕێتەوە، نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دراوە، ئەمە واتای چی؟!
وتیشی: «لێرە کەرتی تەندروستی تەنها خەڵک ڕوتاندنەوەیە نەک چارەسەرکردن، ئەمە لە کاتیکدا لە وڵاتانی دەرەوە لە کەرتی حکومی خزمەتێکی زۆرباش دەکرێت کە لە کەرتی تایبەتیش ئەوەت بۆ ناکەن».

## بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەكان

### یەكەم: دەرەنجام

- نەشـــتەرگەری لـــە كەرتـــی گشـــتی دا لەگەرمیـــان پاشەكشـــەی زۆری بەخۆیـــەوە بینیـــوە، لەبەرامبـــەردا لە كەرتـــی تایبـــەت دا بەرەوپێشـــەوە چـــوە، ئەمەش جگـــە لەوەی لەلایـــەک نیگەرانـــی لای هاولآتیان دروســـت كـــردوە بـــەوەی بەشـــێكی بەرچـــاو لـــە نەشـــتەرگەرییە ورد و تایبەتیـــەكان لـــە نەخۆشـــخانە گشـــتیەكان دا ئەنجـــام نادرێـــن و خراونەتـــە نەخۆشـــخانە تایبەتەكان، لە لایەكی تریشـــەوە ســـودی بۆ هاولآتیـــان هەبوە كە لـــە بـــری پەنا بردن بـــۆ نەخۆشـــخانەی تایبەتی شـــارەكانی تـــر، لـــە ناوچەكەی خۆیانـــدا نەشـــتەرگەرییەكە ئەنجـــام بدەن.

- چالاكوانـــان رەخنـــەی ئەوەیـــان هەیە كە زۆرجـــار هاولآتیان ناچـــار دەكرێن بچنـــە نەخۆشـــخانە تایبەتەكان و لـــەوێ نەشـــتەرگەری بكەن، پزیشـــكان و بەرپرســـانی هـــەردو كەرتەكەش ئەمـــە رەد دەكەنـــەوە، ئەوەی لەم نێوەندەشـــدا ونـــە، نەبونـــی بەدواداچونێكـــی جیدییـــە لەلایـــەن حكومەتـــەوە بۆ ئـــەم دەنگۆیانـــە، هەروەها تۆمارنەكردنی ســـكالآیە لەلایـــەن هاولآتیانەوە.

- ناشـــەفافیەتێكی زۆر هەیـــە لـــە داتـــای نەخۆشـــخانە ئەهلیـــەكان، لەكاتێكدا لـــەلای نەخۆشـــخانە حكومیەكان داتـــاكان بەردەســـتن. خۆدزینـــەوەی بەڕێوبەری نەخۆشـــخانەی كەلاری تایبەت بۆ قســـەكردن بـــۆ یەكەكەمان، هێنـــدەی تر ناڕونی و ناشـــەفافیەت لـــەكاری ئەو نەخۆشـــخانانە و ڕۆڵ و كارەكانیان دروســـت دەكات.

- پزیشـــكان و بەرپرســـانی نەخۆشـــخانە حكومیـــەكان، هـــۆكاری سســـت بونی نەشـــتەرگەریی لە نەخۆشـــخانە حكومیـــەكان دا دەگێڕنـــەوە بـــۆ چەندین هـــۆكار، دیارترینیـــان: نەبون و خراپـــی بینا و هۆڵی نەشـــتەرگەری، نەبـــون و كۆنـــی ئامێرە پزیشـــكیەكان، كەمـــی كاتی تەرخانكـــراو بۆ نەشـــتەرگەری، كەمی ژمارەی پزیشـــكی بێهۆشكار و ســـتافی پزیشكی.

- هاولآتیـــان بـــاس لەوەدەكـــەن كـــە نرخـــی نەشـــتەرگەریی و خزمەتگوزاریی نەخۆشـــخانە تایبەتـــەكان گرانن و زۆربەیـــان پێیـــان هەڵناســـوڕێت، لەبەرامبـــەردا بەرپرســـانی نەخۆشـــخانە ئەهلیـــەكان باس لـــەوە دەكەن كە نرخـــی نەشـــتەرگەرییەكان لەلایـــەن وەزارەتی تەندروســـتیەوە دەستنیشـــان كـــراوە، بگرە پێشـــیان وایە لەچاو ناوچەكانـــی دیكـــە هەرزانترن.

- گەورەتریـــن كێشـــەی لـــە رەوانەكردنـــی نەخـــۆش لـــە نەخۆشـــخانەی حكومیـــەوە بـــۆ ئەهلی، پەیوەســـتە بە نەشـــتەرگەری منداڵبونـــەوە، چونكـــە لەكاتێكـــدا لـــە نەخۆشـــخانە حكومیەكان فلتـــەری وردی بۆ دانـــراوە، لە ئەهلیەكانـــدا هیـــچ فلتەرێكـــی نیـــە، ئەمـــەش وایكردوە كـــە هاولآتیان زۆر بە رەخنـــە و گلەیی بـــن لەوبارەوە.

- ژمـــارەی جـــۆری ئـــەو نەشـــتەرگەرییانەی لـــە نەخۆشـــخانە تایبەتـــەكان دا دەكرێـــن زۆرتـــرن لـــە ئەوانـــەی حكومییـــن، ئەمـــەش بەشـــێكی پەیوەســـتە بە نەبونی ئامێر و هۆڵ و كەرەســـتەی پێویســـتەوە لە نەخۆشـــخانە حكومیـــەكان، بەشـــێكی تریشـــی نازانرێت هـــۆكاری چییە.

- لەمیانـــەی قســـەكردنمان لەگـــەڵ بەرپرســـانی حكومـــی، ســـەرباری جەخت كردنەوەیـــان لـــەوەی بەدواداچون و چاودێریـــی دەكـــەن، بـــەڵام هیـــچ ئامارێكیـــان بـــۆ نەخســـتینەڕو لەبـــارەی ئـــەوەی لـــەم ماوەیـــەدا چ لێپرســـینەوەیەكیان كـــردوە لـــە پزیشـــكان و نەخۆشـــخانە گشـــتی و تایبەتـــەكان لـــە بابەتـــی پەیوەنـــدی و كێشـــەكانی نێوانیـــان.

- نەشـــتەرگەرییە ســـاردەكان، زۆرتریـــن جـــۆری نەشـــتەرگەرییەكان پێكدێنن، بەڵام كێشـــەی ســـەرەكیی ئەوەیە كـــە مـــاوەی ئەنجامدانـــی ئـــەم نەشـــتەرگەرییانە لـــە نەخۆشـــخانە حكومیەكانـــدا، رۆژانـــە ٢ بـــۆ ٣ كاتژمێرە (٩ی بەیانـــی بـــۆ ١٢ی نیـــوەڕۆ) و لەباشـــترین حاڵیش دا ٤ رۆژ لـــە هەفتەیەكدا نەشـــتەرگەری تێـــدا ئەنجام دەدرێـــت، ئەمـــەش وادەكات نـــۆرەی هاولآتیـــان بۆ نەشـــتەرگەری زۆر دوورودرێـــژ بێت و هاولآتیـــش بە ناچاری رو لـــە نەخۆشـــخانەی تایبـــەت بـــكات كە تیایدا بـــە زویـــی نەشـــتەرگەرییەكەی بۆ ئەنجـــام دەدرێت.
پێشـــتریش سیســـتەمێك بـــۆ نەشـــتەرگەریەكانی دوانیـــوەڕوان پیـــادە دەكـــرا كە بـــە نیوە تایبەت «ســـیمی پرایڤـــت» ناودێـــر كرابـــو، كـــە هاولآتی نیـــوەی نرخـــی نەشـــتەرگەریەكەی دەدا ئەگـــەر لـــە دوای نیوەڕۆوە لـــە نەخۆشـــخانەی حكومـــی ئەنجامـــی بـــدات، بـــەڵام ماوەیەكـــی زۆرە بەبـــێ بونـــی هۆیەكـــی رون، ئـــەم نەشـــتەرگەرییە لـــە گەرمیـــان راگیـــراوە.

## دوەم: ڕاسپاردەکان

١. کاری کەرتی تایبەتی تەندروستی بەگشتی لە هەرێمدا زۆر گۆڕاوە و زۆر بەرفراوان بوە، ئەمەش پێویستی بە ڕێکخستنەوەیە، بۆ ئەم مەبەستە گرنگە یاسای نوێ کە ئەم بوارە ڕێک بخاتەوە لەلایەن پەرلەمانەوە دەربکرێت، چونکە بەبێ بونی چوارچێوەیەکی یاسایی مۆدێرن و ڕون، ڕێکخستنەوەی ئەم بوارە کارێکی قورس دەبێت.

٢. ئەگەرچی هاوڵاتیان بە خواستی خۆیان ڕو لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەکەن، بەڵام ئەو ڕۆتین و تۆرە و کێشانەی لە کەرتی گشتی دا هەیە، ناچار بەمەیان دەکات. بۆیە گرنگە حکومەت و وزارەتی تەندروستی و لەئاستی ناوچەکەشدا تەندروستی گەرمیان، وردتر لەسەر ئەم هۆکارانە بوەستن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

٣. کێشە سەرخانیەکانی کەرتی تەندروستی گشتی لە نمونەی نەبونی بینای گونجاو و ئامێری پێشکەوتو و ستافی باش، وایکردوە ئەم کەرتە پاشەکشەیەکی زۆر بەخۆیەوە ببینێت، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ کەوتنی تەواوەتی ئەم کەرتە و ئیفلیج بونی لە ماوەی کەمی داهاتودا.
بەوپێیەی کەرتی تەندروستی دەبێت لە ئەولەویەتی گرنگیپێدانی هەمو حکومەتێکدا بێت، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێم بایەخ بەم کەرتە بدات لە ڕێگەی پلانێکی ستراتیژییەوە بەتایبەتی بۆ ناوچە دورە دەستەکانی وەکو گەرمیان، کە خزمەتگوزارییەکان تیایدا هێشتا لە خانەی سەرەتایین.
هەروەک گرنگە ئیدارەی گەرمیانیش هاوکار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وەم کەرتە هاوشانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، خۆی و دەزگاکانی دیکەش خەمی ئەم کەرتە بخۆن و هەوڵی بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییەکانی بدەن.

٤. هەست بەوەناکرێت بەدواداچون و چاودێرییەکی گونجاو و تۆکمە هەبێت بەسەر کەرتی تایبەتەوە، ئەمەش بۆشاییەکی زۆر گەورەیە، بەشێوەیەک حکومەت لە لایەک خزمەتگوزارییەکانی بەباشی بۆ هاوڵاتیان بۆ دەستەبەر نابێت، لەلایەکی تریشەوە نابێتە چاودێرێکی ورد و تۆکمە بەسەر کەرتی تایبەتەوە، کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ فەوزا.
بۆیە گرنگە تەندروستی گەرمیان برەوی زۆر بە پرسی چاودێریی بدات و لیژنەی تایبەت بۆ چاودێریی نەخۆشخانە ئەهلیەکان دروست بکات و بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێرییان بکەن و لێیان بپێچنەوە، بۆ ئەوەی هاوڵاتی لەو نێوەندەدا زیانمەند نەبێت.

٥. هەندێکجار ڕەنگە کەمبونەوەی ژمارەی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە نێویشیاندا نەشتەرگەریی لە کەرتی گشتی دا، پەیوەندیی بە کەمتەرخەمیی شەخسییەوە هەبێت، دەبێت تەندروستی گەرمیان لەمڕووەوە پلانی تۆکمە دابنێت و بەدواداچون بکات، چ لەسەر ئاستی ستافی ئیداری و چ لەسەر ئاستی ستافی پزیشکی و تەندروستی، بۆ ئەوەی بزانرێت کەموکورتیەکان لەکوێدان و هەوڵی چارەسەر کردنی بدەن، هاوکات سیستەمی پاداشت و سزا پەڕەو بکەن بۆ ئەو ستافانە.

٦. دەبێت تەندروستی گەرمیان ڕێنمایی و ئالیەتێک دابنێت کە پزیشکان ناچار بکات پابەند بن بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەوە، نەک بە مەزاجی شەخسی ئەو کار بکرێت، هەروەک ڕێکاری پاداشت و سزا بۆ ئەم مەبەستە کارا بکات و بۆ خەڵکیشی ئاشکرا بکات کە کام پزیشک چالاک و کامەیان ناچالاکە.

٧. تەندروستی گەرمیان و لایەنەکانی دیکە دەبێت بەدواداچون بکەن بۆ بونی قۆرغکاری لە کەرتی تایبەت، هەروەها هەوڵی دروستکردنی تۆڕ و دەستە لەنێو کەرتی تایبەت دا، کە بە زیانی هاوڵاتی بشکێتەوە.

٨. لەماوەکانی ڕابردودا لایەنە ئەمنیەکان هەستان بە ئاشکرا کردنی دۆسیەیەکی بەکارهێنانی کەرەستە و پێداویستی پزیشکی گشتی لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت، دادگاش لەمڕووەوە بەدواداچونی خۆی کرد و حوکمی ژمارەیەک کارمەندی دا، گرنگە ئەم ڕێکارانە بەردەوام بن و لەم دۆسیەیەدا کۆتایی پێنەیات.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکـی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروسـتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروسـتکردنی فشـار بـۆ ئەنجامدانی پـرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشـەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی ڕایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەڕوی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. ئەحمەد حەمید
٢. زریان محەمەد
٣. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net